# ڕەنگدانەوەی خاکیبوون لە شیعرەکانی سافیدا

پ. ی. د. جەعفەر نەجمەدین گوانی[١]

## ١/ پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

سوپاس بۆ پەروەرێنی مەزن، درووود و سڵاو بۆ سەروەر و سەرداری مرۆڤـایەتی، پێشـەوای ڕەوشـتبەرزان و مامۆسـتای چـاکەخوازان حەزرەتی موحەمەدەلموستەفا، هەروەها لەسەر خزمو خانەوادەو یارو یاوەرانی.

بێگومـان مـانەوەی تەندروسـتی هەر گەل و نەتەوەیەک وابەسـتە بە ڕەوشت و ئەخلاقی جوان، هەتا ڕەوشتی جوانتر هەبێت، ئەو گەلە پاکتر و سـاغلەمتر دەگـوزەرێنێ. یەکێـک لە ڕەوشـتە هەرە جوانەکـانی مرۆڤەکـان (خـاکیبوون)تەوازوعە، کاتێـک خـودی مرۆڤەکـان لەسـەر بنەمـای خـاکیبوون گۆشـدەکرێن‌و لە ژیـانی ڕۆژانەیـان جێبەجێیـدەکەن، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر کۆی کۆمەڵگاو ژیان دەبێت، چونکە خاکیبوون واتای نەمانی ڕەوشتە ناپەسەندەکانی وەک: (خۆهەڵکێشان‌و چەوساندنەوەو جیاکاری‌و فیزلێدان‌و سستی‌و تەمبەڵی‌و پاشقۆڵگرتن، ڕووپامـایی...). لە بەرامـبەردا دەبێـتە مـایەی چەسـپانی ڕەوشـتە پەسـندەکانی وەک: (برایەتـی، دڵسـۆزی، جـددیەت، قوربانیـدان، یەکترقبوڵکرن، گوێڕادێری، کارکردن، پاکی، ...). بە دڵنیـاییەوە یەکێک لە

[١] کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سەلاحەدین. Jaafar.ali@su.edu.krd

ڕەوشتە هەرە بەد و باوەکان گیانی فیزلێدان و خۆهەڵکێشـان بە جلکو ترومبێـلو پۆسـت و چەک و هاوشـێوەکانییەتی، هەنـدێکجار کەسـانی (بەنـاو) دینداریش سـواری هەمـوو جۆرە ترومبێلەکـی نـابن، یـان ئەگەر دەسـتیان مـاچ نەکەنو لەبەریـان هەڵنەسـتن، یـاخود بە زمـانێکی گەورە نەیاندوێنن، قەڵس دەبن، خەڵکی دیکە خراپتر. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیـاردەو چـاککردنەوەی نـاخی مرۆڤەکـان، پێویسـتە پێـداچوونەوە بە پەروەردەی ڕەوشـتو ئەخـلاقەوە بکرێـت، لەوەشـدا ئـاینی ئیسـلام بە گشتیو ڕێبازی دروستی سۆفیگەری دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی بگێڕێت ئەگەر سـوارچاکی ڕاسـتەقینەی مەیـدانەکە هەبـن، دەکـرێ شـاعیرە مەزنەکـانی سـۆفیگەری هاوشـێوەی مەلای جزیـریو نـالیو خـانیو مەحویو بێخودو موخلیس وەکو نموونەی دیار بهێندرێنەوە، کە زاتێکی وەک سـافی هیـرانیش یەکـێکە لەو سـەرقافلانە، ئەوەی شـیعرەکانی بە دڵو ڕۆح بخوێنێتەوە، نەفسی خراپەکاری لاواز دەبێتو بەرەو ئاسمانی ڕۆحەوە عورووج دەکات.

هۆکـاری هەڵبژاردنـی ئەو بـابەتە لەوەدایە، کە سـافی هیرانـی چ وەکـو شـاعیرێک یـان وەکـو ڕێبەرێکـی پەروەردەیی، کەمتـر گرنگـی پێدراوەو لەسـەری نووسـراوە، بەپـێچەوانەوە هەنـدێکجار شـیعرە ڕۆحـیو پەروەردەییەکـانی لەنـاو هەنـدێک گـۆرانیو ڤیـدیۆ کلیپـدا هێنـدە شـیوێندراون، ڕێـک ئاراسـتەکەیان پـێچەوانەوە کـردۆتەوە، سـافی کە چەتـرەکەی (مەلاو شـێخو ئەدیـب) بـووە، کەسـێکی دڵ پـڕ لە ئەوینـی ڕاستەقینەو هەناسە ناسکی ڕۆحبەرز، گۆڕیویانە بۆ دڵدارێکی جەستەو هەواو ئارەزووەکان.

ئامانجی توێژینەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بتواندرێت لە هەمـوو ڕێگاکـانەوە کـۆمەڵگەو نەوەکـانی داهـاتوو بەرەو ئاقـارێکی جـوانی پەروەردەیـی

ئاراستەبکرێن، بەتایبەتی ئەدەبی کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، نەخاسمە هەست بە ترسێکی دژوار دەکرێت لەوەی پەروەردەی داهاتوومان سەقەت بێتو گیانی خۆشەویستیو قوربانیدان هەرنەمێنێت.

توێژینەوەکە لە چوار بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە، لە بڕگەی یەکەم پێناسەی خاکیبوون دەکرێت وەکو زمانەوانیو وەکو زاراوەیەکی ئیسلامیش، لە بڕگەی دووەم باس لە گرنگی ڕەوشتی (خاکیبوون) لە روانگەی ئیسلامەوە دەکرێت، لە بڕگەی سێیەم چەند نموونەیەکی خاکیبوونی شیعری شاعیرانی کورد وەکو بەشێکی ئەدەبیاتی کوردی هاتووە، لە بڕگەی چوارەمیش تیشک دەخرێتە سەر شیعرەکانی سافی هیرانیو گیانی ڕەنگدانەوەی خاکیبوون تێیدا.

میتۆدی توێژینەوەکەش شیکارییە، لەوەی چۆن سافی هەوڵیداوە هەستی سادەییو ساکاریو خاکیبوونی خۆی تێکەڵی ناو شیعرەکانی بکات، بەتایبەتی لە لاڵانەوەو پاڕانەوەی بەرامبەر هەڵەو کەموکوڕییەکانی.

بەو ئومێدەی ئەم توێژینەوەیە، لەڕێگەی ئەم کەڵە شاعیرەوە هەوڵێک بێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەتی بەخۆداچوونەوەی ڕێبەرانی تەریقەتو زانایانی ئایینیو شاعیرو ئەدیبانی کورد، بەوەی هەم بەخۆیاندا بچنەوە، هەمیش ئاوڕێک لە کۆمەڵگەکەیان بدەنەوە بەوەی لە کوێوە هاتو ئێستا لە کوێیەو ئەگەر کاری لەسەر نەکرێت بەرەو کوێ دەڕوات.

## ٢/ پێناسەی خاکیبوون

### ١-٢/ پێناسەی خاکیبوون لە زمانەوانیدا

خاکیبوون لە زمانی عەرەبی لە تەوازوع(التواضع)ەوە وەرگیراوە، کە لەگەڵ چاوگە بنەڕەتییەکەی کۆمەڵە مانایەک دەدات، بەڵام نزیکترین مانای بریتییە لە: "تَوَاضَعَ فُلانٌ: تَذَلَّلَ وتَخَاشَعَ" (ضیف ٢٠١١، ١٠٨٣) لە فەرهەنگی کوردی بە چەند مانایەک دێت، لەوانە لە (فەرهەنگی شیرین)دا (ف. نیزامەدین ٢٠١٥، ٣٢٠) چەند مانایەکی نووسیوە وەک: "ملکەچکردن، خۆکەساس پیشاندان. هەروەها مەلا مەحموودی (گەلالەیی ٢٠١٠، ٦٢١/٢) لە (فەرهەنگی ڕستە) چەند مانایەکی هێناوە، وەک: "گەردەنکەچ، داماو، دەنگ نزمکردن، گەردەنکەچی خودا، سەردانەواندن". ئەو مانایە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ مانا ئەخلاقییەکە هەیە، کە دواتر باسی لێوەدەکرێت.

هەروەها مانایەکی دیکەی زمانەوانی عەرەبی، کە لە هەمان مانای پەروەردەییەوە نێزیکە، دەگوترێت: "تَوَاضَعَ الأَرْضُ: انْخَفَضَتْ عَمَّا يَلِيْهَا" (ضیف ٢٠١١، ١٠٨٣) واتە: زەوییەکە توازوعی کرد: نزمتر بوو لەوەی دواوەی. ئەمەشیان زۆر لەگەڵ مانا ئەخلاقییەکە دێتەوە، کە نزیکییەک لەنێوان زەوی و خاکیبوون هەیە، بەوەی هەردووکیان خۆیان نزم دەکەن‌و بێدەنگ خزمەتێکی بێجیاوازیو دوور لە فیز و هاتوهاوار ئەنجام دەدەن. بۆ ئەمەش (ف. نیزامەدین ١٩٩٠، ١٩١) لە فەرهەنگی کوردی عەرەبی (ئەستێرە گەشە) بەرامبەر بە "خاکیی" نووسیویەتی: "متواضع، بسيط، اللون الخاكي".

لە فەرهەنگە کوردییەکانیش بەتایبەتی گیوی (موکریانی ٢٠١٧، ٥١٤/١)، شێخ محەمەدی (خاڵ ٢٠٢١، ١٥٦)، مام (هەژار ١٣٩١، ٢٣٧) کۆمەڵێک مانایان بۆ وشەی "خاکیی" داناوە، نزیکترینی ماناکان بریتین لە: "بۆرەڵووکە" کە دەکاتە بۆربوونی بە ڕەنگی خۆڵو خاک، هەروەها "مرۆی بێفیزو خۆبەزلنەزان، کە لەبەر بێدەماریو دوور لە هەوا، ئازەزووی پۆشینی جلکی جوان ناکات".

دەرەنجام، واتاکانی خاکیبوون لە ڕووی زمانەوانییەوە بەپێی فەرهەنگەکانی کوردیو عارەبی، مانای "سادەییو خاکیبوونو دوور لە فیزلێدانو خۆبەزلزانین" دێن.

## ٢-٢: خاکیبوون لە زاراوەی ئیسلامدا

پێناسەکردنی هەر چەمکێک لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، یەکەمجار لە قورئانەوە بۆی دەچن، ئینجا لە حەدیسەکانی ڕەسولی سەروەر دروودی خوای لەسەر بێت. هەندی قورئانی پیرۆزە وشەی (تەوازوع)ی تێدا بەکارنەهاتووە، بەڵام هاوواتای هاتووە، دیارترینیان وشەی هەون(هَوْن)ە، کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا﴾ [الفرقان: ٦٣]. لەو ئایەتەدا خوای گەورە باسی سیفەتو ئاکارەکانی بەندەچاکەکانی خوا دەکات، لە یەکەم سیفەتدا دەفەرموێت: ئەوانەن بە (هەون)ەوە بەسەر زەویدا دەڕۆن. ئیمامی (الطبري ٢٠٠١، ٤٨٩/١٧-٤٩٠) لە تەفسیرەکەیدا دوو مانای بۆ (هەون) هێناون، یەکەمیان گرانیو سەنگینی(السكينة والوقار)، دووەمیان، ملکەچیو خاکیبوون(الطاعة والتواضع). ئیمامی (القرطبي ١٩٦٤، ٦٨/١٣) هەمان قسە دەکات بە هەندێک زیادەوە، کە دەڵێت: "حُلَمَاءَ مُتَوَاضِعِينَ، يَمْشُونَ فِي اقْتِصَادٍ" واتا: "نەرمونیانو خاکین، بە مامناوەندیو هێواشی

دەڕۆن". لە ڕاڤەی (ابـن کثیـر ۱۹۹۹، ۱۲۱/٦) ڕوونتـــــر قســـــە لەســـــەر پـێچەوانەکەی دەکـات، ئیـژێ: "بِسَكِينَةٍ وَوَقَارٍ مِنْ غَيْرِ جَبَرِيـة وَلَا اسْتِكْبَارٍ"، واتە: "بە گرانو سەنگینیو بەبێ لمووزبەرزیو فیزلێدان".
لە تەفسیرە کوردییەکانیش دوو نموونە دەهێنینەوە، کە زۆر جوانو بە گوێرەی مەبەستە سـەرەکییەکەو دوور لە مانـای وشـە بە وشـە ڕاڤەی ئەو ئایەتەیـــــان کـــــردووە، لەوانە (مەلای گەورە ۲۰۲۰، ۷٦۳/۲) لە ڕاڤەکەیدا دەڵێت: "بە نەرمـیو وەقـارو سـەکینە، مـوزاحەمە نـاکەن، خـۆ بانادەن، بە دەعیە نـاڕۆن، ئەوی لە ڕۆیشتنی وابێ، لە هەمـوو شتێ بە ریفقە، لەینولجانییە".
ئەو لێکدانەوەی مەلای گەورە بۆ ئایەتەکە تێگەیشتنێکی قووڵە بۆ مانـاو مەدلـــوولی تەوازوع، کاتێـــک مانـــاکە لە چوارچێـــوەی جـــووڵەیەکی بەڕێگاڕۆیشتنەوە قەتیس ناکات، بەڵکو دەیبەستێتەوە بە کۆی مـامەڵەی ژیـان، واتە ئەوەی خـاکی ڕاسـتەقینەو دوور لە نمـایش بێت، لە هەمـوو کارەکـانی ژیانیـدا میهرەبـانو قوربانیـدەر دەبێـت، ئەمەش زۆر جـوان لەگەڵ سیاقو داڕێشتەی ئایەتەکە یەکدەگرێتەوە، چونکە هەر دوای ئەو ئـــایەتە لە ئایەتەکـــانی (٦٣-٦۷)ی ســـووڕەتی فورقـــان، خـــوای گەورە کۆمەڵە سیفاتێکی دیکە باس دەکات ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە مـامەڵەی جوانی مرۆڤ، وەک: "بەرسڤیان نەرمو نیانە، بەردەوام لە سوژدەبردنن، دەبەخشـن، بەڵام نە یەکجـار دەسبـڵاون، نە تەواویـش دەسقووچـاون، تەنیا خودا دەپەرستن، بە نـاڕەوا نـاکوژن، داوێنپیس نینە، ..." (ع. هەژار ۲۰۱۰، ۳٦٥-۳٦٦).
کەواتە خاکیبوون ئەوپەڕی سادەییو دوور لە فیزیو خۆهەڵکێشـانە، لە ناخەوە کەسێکە لەگەڵ تەواوی بوون لە ئاشـتەوایی دایە، لەگەڵ هەمـوو شـتێک بە ریفـقە، تووڕەبوونیشـی هەر نەرمو نیـانیو بـۆ خـزمەتێکە.

هەڵگری ئەو ئاکارە هەمیشە ئارامهێنو ئاوەدانیو مەحەبەتە، چونکە شکۆو مەزنی هەموو مرۆڤێک دەپارێزێتو بە کەمی ناڕوانێتە هیچ کەس، بەرگریکردنیشی لە هەق بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییەو بە گیانی رقەکارییەوە نییە، هەمیشە لێبووردن لە پێشەوەی تۆڵە دادەنێت.

مرۆڤی خاکی، لە ناخەوە خۆی بە سادە دەبینێتو خەڵکیش بە مەزن دەزانێت، لەم ڕێگەیەشەوە سەرچاوەی خێری هەموو بوونەوەرە، یوسوفی کوڕی ئەسبات، کە (ابن حبان ١٩٧٣، ٦٣٨/٧) لە ڕووی زوهدو دونیانەویستییەوە بە باشترینی سەردەمی خۆی ناوی دەباتو ساڵی (١٩٥کۆچی) وەفاتی کردووە، پرسیاری لێدەکەن دەربارەی کۆتائامانجی خاکیبوون، لە وەڵامدا دەڵێت: "بگەیتە هەر کەسێک پێت وابێت چاکەی بەسەر تۆوە هەیە" (الذهبي ١٩٨٥، ١٧٠/٩). هەروەها (ابن قيم الجوزية ٢٠١٩، ٦٥٨/٢) دەربارەی کەسی خاکی دەڵێت: "هیچ فەزڵێکی خۆی بەسەر خەلقەوە نابینێتو هیچ مافێکیشی بەلای کەسەوە نازانێت، بەڵکو پێیوایە خەڵک فەزڵو مافیان بەسەر ئەوەوە هەیە". کەسێکیش خاوەن ئەو هۆشیاریو تێگەهشتنە بیت هەمیشە ڕێزو شکۆی مرۆڤەکان دەپارێزێت، بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دەکات، کە لە مرۆڤایەتییەکەیان بوەشێتەوە، واتە پێشوازیکردن لە خەڵک بە جۆرێک، کە شایانی مرۆڤ بێتو دەرخستنی مەحوییەت لە مامەڵەکردن لە بەرامبەریاندا (گولەن ٢٠١٧، ١٩٠).

ماوە ئەوە بگوترێت، کە خاکیبوون ڕەوشتێکە مرۆڤ لە ئەنجامی هەوڵێکی زۆری ڕیازەی دەروونییەوە دەیگاتێ، واتە کەسێکە لە ناخەوە وەکو خواناسێکی ڕاستەقینە هێندە مەزنەو هێندەش ئاوێتەی پەیامی پەروەرێنی دەبێت، ئیدی هەمیشە بە میهرەبانیو شکۆمەندییەوە دەڕوانێتە مەخلوقانی خودا.

## ٣-٢: جیاوازی خاکیبوونو سەرشۆڕی

بەپشتبەستن بەماناکەی سەرەوەی خاکیبوون، دیارە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان (خاکیبوون)و (سەرشۆڕکردنو زەبوونی)، ئەوانەی بە ناوی سادەییو خاکیبوونەوە کەسایەتی خۆیان دەدۆڕێننو سەریان لە هەموو دەرگایەک بە کزۆڵییەوە نزم دەکەنەوە، هەق دەکەنە قوربانیو چاویان لە ماستاوسارکردنەوەیە بۆ فرانو فیسار، ئەوانە خاکی نین، هەربۆیە لە کتێبەکانی تەسەوفدا هەمیشە لەگەڵ باسی خاکیبوون، تیشکخراوەتە سەر پرسی (زەبوونی)، لەوانە گەورە عاریفو زانای تەسەوف شێخ شیهابەدینی (السهروردي ٢٠٠٦، ٢٦٠/١) لەگەڵ باسی تەوازوعو خاکیبوون دەچێتە خزمەت ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری سەروەرمان کاتێک دەفەرموویێت: "طُوبَى لِمَنْ تَوَاضَعَ فِي غَيْرِ مَنْقَصَةٍ، وَذَلَّ فِي نَفْسِهِ مِنْ غَيْرِ مَسْكَنَةٍ". واتە: "بەختەوەری بۆ کەسێک خاکی بێت بەبێ زەبوونی، خۆی زەلیل کات دوور لە داماویو بێدەسەڵاتی"، ئەمە واتە نابێ خاکیبوونەکە بریتی بێت لە خۆچەماندنەوەی زەبوونانە، چونکە دەچێتە دەرەوەی خاکیبوون، بەتایبەتی ئیسلام هەمیشە مسوڵمانان بە سەرفرازیو دوور لە سەرشۆڕی پەروەردە دەکات.

هەر لەسەر ئەم فەرموودەیە (المناوي ٢٠١٢، ٣٦٥/٤-٣٦٦) دەفەرموویێت: "خاکیبوون: ملکەچکردنە بۆ باوەڕداران لەگەڵ دەستگرتن بە شکۆو عیززەتی ئاین، چونکە ئەو خاکیبوونە خوازراو نییە کە بە کێماسی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە". هەر لە هەمان لاپەڕە سەرنجێکی ئیمامی غەزالی لەسەر ئەم فەرموودەیە نەقڵ دەکات لەوەی نابێ بەناوی پاراستنی شکۆی ئیسلام، ملی فیزلێدان بگیردرێتە بەر، "کەسانێکی فوقەها

دەستیان بەو فەرموودەیە گرتووەو بەوهۆیە دەستیان لە تەکەبوورو فیزلێدان بەرنەداوە، دەبێتە شەڕیان لەسەر سەرێ مەجریسانو پێشبڕکێکردن لە چوونە ژوورەوە لە کۆلانو شوێنە تەنگو بەرتەسکەکان".

بۆیە ئەم فەرموودەیە هەرچەندە (الألباني ١٤٣١، ٥٣٢ (٣٦٤٢)) بە لاوازی داناوە، بەلام هەم ماناکەیی‌و هەمیش بابەتەکەی جێگای هەڵوەستەو پشتپێبەستنە.

هەروەها (ابن قيم الجوزية ٢٠١٩، ٦٥٨/٢) دەربارەی جیاوازی نێوان خاکیبوونو سەرشۆڕی پێیوایە: "خاکیبوون هەڵدەقوڵێت لەنێوان شارەزایی بەندە لە خواناسینو زانینی ناوو سیفاتەکانی پەروەردێنی مەزنو، بەگەورەدانانو خۆشویستنو شکۆدارکردنی خوای گەورە لەگەڵ خوودناسی مرۆڤ خۆیی‌و کێماسی‌و عەیب‌و کەموکوڕی‌و ئافاتی کردارەکانی. ئینجا لەنێوان ئەو بەراوردکردنەدا ڕەوشتی خاکیبوون دێتەکایەوە، کە بریتییە لە شکانەوەی دڵ بۆ خوای گەورەو، ملکەچبوونو ڕەحمەت بۆ بەندەکانی. ئیدی هیچ فەزڵێکی خۆی بەسەر خەلقەوە نابینێت‌و هیچ مافێکیشی بەلای کەسەوە نازانێت، بەڵکو پێیوایە خەڵک فەزڵو مافیان بەسەر ئەوەوە هەیە. ئەمە ڕەوشتێکە خوای گەورە دەیبەخشێتە ئەوانەی خۆشی دەوێنو ڕێزیان دەگرێت‌و نزیکیان دەخاتەوە. بەلام سەرشۆڕی بریتییە لە سووکی‌و کەمایەتی، عەوداڵییە بەدوای خواست‌و ئارەزووەکانی نەفس... خوای گەورە خاکیبوونی پێخۆشەو سەرشۆڕی پێناخۆشە".

خوودی ماناکردنەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی (مودەريس ٢٠٢٣، ٢٤٢) بۆ وشەی تەوازووع ئەو مانایەی لێ دەفامرێتەوە، کاتێک بە (خۆبەکەمگرتن) واتای لێدەداتەوە، یانی: خاکیبوون ئەوەیە لە ناخەوە

کەسێکی بە عیزەتو شکۆیە، بەڵام ئەخلاقو ڕەوشتەکەی وای لێدەکات هەموو خەڵک بە مەزنو گەورە دەزانێت، ئەوەش بە هەموو جۆرێک لە سەرشۆڕییەوە دوورە.

**٤-٢: نمایشی خاکیبوون**

کاتێک پرسی خاکیبوون بە ناخی مرۆڤەوە دەبەسترێتەوە، ئامانج وەلاوەنانی هەموو جۆرە خاکیبوونێکی دەستکردانەو نمایشکارانەیە، وەک ئەوەی کەسانێک لەبەر چاوی فلانو بۆ فلان ئارمانج خۆیان وەکو کەسانێکی زۆر سادەو خاکی پیشان دەدەن، لەکاتێکدا ناخیان پڕی فیزو خۆبەگەورەزانینە، تائەوەی ئەگەر کەسانێک بە بێئاگاییو نەناسینیش وەکو خۆیان گەرەکیانە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەن ڕقیان هەڵدەستێتو بیر لە تۆڵەو تێهەڵدان دەکەنەوە، یان لە ڕووی دینداریەوە خۆیان زۆر خاکیانە پیشان دەدەن، ئەوانە لە ئیسلامدا کاری نەویستراون، چونکە سەرچاوەی خێرو خەڵکویستی نییە، بەڵکو زیاتر پردێکەو لەوێوە ئامانجیان گەیشتنە بە خواستو داوای دیکە. بەڵکو ئەوە گەورەترین جۆری تەکەبوورو خۆبەزلزانینە (البوطي ٢٠١٠، ٢٩١/٤).

هەر لەو بارەوە کاتێک ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب بەلای پیاوێک تێپەڕدەبێت، خۆی خاکیو داماو کردووە، ئەویش لێی دەپرسێ: مەگەر تۆ مسوڵمان نیی؟ کابرا وەڵام دەداتەوە: بەڵێ، ئیمامی عومەر دەفەرمووێت: سەرت بەرزبکەوە، گەردنت درێژبکەوە، ئیسلام شکۆداریو قەڵغانە (المتقي الهندي ١٩٨١، ٨٠٦/٣ (٨٨٢١)).

کەواتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە خاکیبوون لە ڕیزی ڕەوشتە باشەکان هەژماردەکرێت، ئەمەش هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤەکانە، ئەو مرۆڤانەی خاکییانە مامەڵە دەکەن، کەسانی میهرەبانو مرۆڤدۆستنو بەهاو نرخی هەموو مرۆڤێک دەزاننو خۆیان بە قەرداری هەموو مرۆڤێک دەزانن

وەک ئەوەی چاکەیـان بەسـەریانەوە هەبێت. جیـاوازییەکی زۆریشـی لەگەڵ زەبوونیو داماویو خۆڕیسواکردنی کەسانێک هەیە، کە خۆیان لە ڕیزی ئەو کاروانە دەزانن، کەچی بەرامبەر کەسانێکی دونیاپەرست خۆیان ڕیسـواو زەبـوون دەکەن، چـاو لە هەقـیّ دەقـوچێننو نایـانەوێ ببیننن.

ئەوەی لە بڕگەکـانی داهـاتوو قسـەی لێـوە دەکرێت باسـی خـاکیبوونی ئیجابیـانەیە، نەک ئەوەی بە ئەنقەسـت خـۆی نمـایش دەکـاتو خاکیبوونەکەی پتر دەبێتە ڕووپامایيو نمـایش، یان ئەوەی خۆی دامـاو دەکـات لە هەمـبەر کەسـانێکی وەهـا کارەکەیـان بە زیـان بـۆ دیـن دەشکێتەوە، بەڵکو باسـی کەسێکە خـاکیبوون هەڵقـوڵاوی نـاخی بێـتو لەبەر دڵی فڵانو لەبەر بەرژەوەندییەکی دونیا نییە.

### ٣/ پێگەی خاکیبوون لە ئیسلامدا

لە میـانی بـڕگەی پێشـەوەو لە ڕۆنکـردنەوەی چەمکـی خـاکیبوون لە فەرهەنگی ئیسـلامدا بە جۆرێک سـەرەداوەکانی پێگەی ئەم رەوشـتە لە ئیسـلام دەرکەوت، لێرە لەو بـڕگەیە ڕوونتـر باسـی مەزنـی ئەو ئاکـارە جـوانە دەکرێت، ئەمەش بە پشتبەسـتن بە ئایەتەکـانی قورئـانی پیـرۆزو فەرموودەکانی سەروەرمان موحەمەدەلموستەفا دروودی خوای لەسـەر بێت لەگەڵ قسەی زانا مەزنەکانی مسوڵمانان.

### ١-٣/ پێگەی خاکیبوون لە قورئاندا

قورئـانی پیرۆز بە چەندین شـێوە باسـی مەزنـی خـاکیبوون دەکـات، بۆ نموونە:

یەکەم: خـوای گەورە مەدحـی پێغەمـبەری سـەروەرمان دەکـات بەوەی کەسێکی خـاکییە، ئەم خاکیبوونەشـی بە نیعمەتو فەزڵـی خـوای گەورە

هەژماردەکـــات، هەروا بە هۆکـــارێکی مـــانەوەی خەڵـــک بە دەوریو هۆگریبوونییەوە دەبەستێتەوە، وەک دەفەرموویت: ﴿فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ١٥٩﴾ [آل عمران: ١٥٩]. واتە: "ئـەی پێغەمـبەر! بەهـۆی ڕەحمـەت و بـەزەیـیەک لە خـواوە بـۆ تـۆو یاوەرانت، بۆیان نەرم و نیان بوویت، گەر ڕەفتارت خراپ باو، دڵڕەق بـای، ئـەوا یاوەرانـت لـە دەورت نـەدەمان، کەواتـە ئـەوەی لـە جـەنگی (ئوحود) لێیان ڕویدا، لێیان مەگرە، ئەی پێغەمبەر! لە خوا داوابکە لێیـان خۆش بێت، لـەو کارانـەی، کە پێویست بـە ڕاوێژ دەکات، ڕاوێژیـان پـێ بکە، جا دوای ڕاوێژکردن، گـەر بڕیارت لەسـەر کارێک دا ، ئـەوا تـەنها پشت بـەخوا ببەسـتە و کارەکە ئـەنجام بدە، خـوا ئـەو کەسـانەی خـۆش دەوێ، کە پشتی پێ دەبەستن" (تەفسیری مویەسەر ٢٠٢٣، ٧١).

هەر دەربارەی پێغەمبەرمان درورودی خوای لەسـەر بێت، خـوای گەورە فەرمـانی پێـدەکات بـاڵی خـاکیبوون بـۆ شـوێنکەوتووەکانی بـاوەڕدار ڕابخـات، دەفەرمووێت: ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ٢١٥﴾ [الشعراء: ٢١٥]. واتە: "بەخۆکەمگریی و بەزەییەوە، باڵت بۆ ئەو کەسـە ڕابـخە، کە بەدەم بـانگەوازەکەتەوە دێـتو قسـەشـت لەگەڵیدا نەرم بێت. (واتە: بە بەزەییو نەرمو نیان بە لەگەڵ ئەو کەسەدا)".

دووەم: لە چەنـدین ئـایەتی قورعـانی پیـرۆز، خـوای گەورە خـاکیبوونی کردۆتە سیفاتی باوەڕداران، هەروەکو فەرمانیشیان پێدەکات خـاکی بن، کەواتە فەرمـانی خـوای مەزنە دەبـێ ئەوانـیش شـوێنکەوتەی سـەرروەرو سەرداریان بنو خاکیو نەرمو نیان بن، وەک ئەو ئایەتەی خوارەوە، کە هەڕەشە لە باوەڕداران دەکات بەوەی ئەگەر هەڵبگەڕێنەوە، کەسـانێکی دیـکە جێگەیـان دەگـرنەوە، کە خوایـان خۆشـدەوێتو ئەویـش ئەوانـی

خۆشـدەویێتو لەگەڵ بـاوەڕدارانیش خـاکیو نەرمو نیـانن، هەروەک لە مەیـدانی جەنـگ بەرامـبەر کافرەکـان عەزیـزو خـاوەن شـکۆن، دەفەرموویێت: ﴿یُحِبُّهُمۡ وَیُحِبُّونَهُۥۤ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِینَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَـٰفِرِینَ﴾ [المائدة: ٥٤]. واتە: "خـوا خۆشـی دەویێـن و ئـەوانـیش خوایـان خۆشـدەویێت، بەرانبـەر بـڕواداران میهرو بەبـەزەیین، بەرانبـەر بـەکافرانی(دوژمنکار)یش تونـدو تیژن".

ئـایەتێکی قورئـان وێنەیەکـی نـاوازەی نێـوان خـاکیبوونو پەرسـتش دەکێشـێت، کە لە یەک کاتـدا میهرەبـانیو کڕنۆشـبردنیان وێکـڕا گـرێ دەدات، وەک دەفەرموویێت: ﴿رُحَمَاۤءُ بَیۡنَهُمۡۖ تَرَىٰهُمۡ رُكَّعࣰا سُجَّدࣰا﴾ [الفتح: ٢٩]. واتە: "لە نێوان خۆیشیاندا بە بەزەیی و میهرەبانن، دەیانبینی لە نوێژەکانیاندا کڕنـۆش و سـوجدە دەبەن". ئەم ئـایەتە جەخـت لەوە دەکـاتەوە، کە پێویسـتە پەرسـتشو عیبـادەتی ڕاسـتەقینە، مـرۆڤ بەرەو میهرەبـانیو بەزەییهـاتنەوە پێکتـر ببـات، کە خـاکیبوون لـوتکەی ئەو ئەنجـامەیە، بەوپێیەی وا لە مرۆڤ دەکات حورمەتی هەموو کەسێک بزانێتو کەس بە کەم نەزانێت، کە دەرەنجام ئەوپەڕی میهرەبانی دروست دەکات.

قورئانی پیـرۆز وێـڕای ئەو پەسنەی داوییەتـی خاکیبوون، هەروا زەمـی پێچەوانەکەشـی دەکـات، کە فیزلێدانو بەخۆنـازینو لموزبرنـدییە، ئەوانە دەرەنجـام خۆسـەپاندنو دیکتـاتۆرییەتو ئـازاردان دەهێنـنە کـایەوە، لە خوارەوە چەند ئایەتێک وەکو نموونە هاتوون:

خـوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَمۡشِ فِی ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَـن تَبۡلُـغَ ٱلۡجِبَـالَ طُـولࣰا ٣٧﴾ [الإسـراء: ٣٧]. واتە: "بەخۆنـازین و بەدەعـیە و خـۆبەگەورەزانینەوە لەسـەر زەوی مەڕۆ، خـۆ تـۆ بەم جـۆرە ڕۆیشـتنە زەوی کـون ناکەیـت، بەخۆنازینـتو بەدەعیەیـی و لـوتبەرزیی و

خۆبەگەورە زانینتەوە، هێندەی چیا باڵا و درێژ نابیت و ناگەیتە بەرزیی شاخەکان".

لەو ئایەتەدا خوای گەورە وشەی (مەڕەح)ی بەکارهێناوە، ئەمەش وەک ئیمامی (القرطبي ١٩٦٤، ١٠/٢٦٠) دەفەرمووێت: "ناکردنە لە بەخۆنازین‌و لموزبڵندی، هەروا فەرمانکردنە بە خاکیبوون"، چونکە هەر ئەم بەخۆنازینەیە دەبێتە مایەی ستەم‌و زوڵمکردن، هەربۆیە (ابن كثير ١٩٩٩، ٥/٧٥) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا ڕاستەوخۆ فیزلێدان بە ستەمکاری دەبەستێتەوە، کە دەڵێت: "خۆبەزلزانین‌و لارولەنجی هاوشێوەی ڕۆیشتنی ستەمکارو جەبارەکان".

لە ئایەتێکی دیکە ڕوونتر تەکەبوورو خۆزلزانی بە ژیانی خەڵک دەبەستێتەوە، ئەوەی لموزبڵندەو فیزلێدەداو خۆی بەسەر خەڵکی هەڵدەکێشێت، دیارە بە چاوی کەم سەیری خەرکی دەکات، ئەمەش ئاکارێکی نەگریسەو خوای گەورە لێی ڕازی نییە، کە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ١٨﴾ [لقمان: ١٨]. واتە: "کە قسە لەگەڵ خەڵک دەکەیت، یان قسەت لەگەڵ دەکەن، ڕووبەڕوو قسەیان لەگەڵ بکەو ڕووت لەڕوویان لامەدە و ڕوو وەرمەگێڕە، لەبەرئەوەی ڕوولادان، مانای ئەوەیە بەسووکی تەماشایاندەکەی و خۆت بەگەورە دەزانی لەوان، لەسەر زەوی نێوان خەڵکیدا بەخۆبەزلزانییەوە بەڕێدا مەڕۆ، چونکە خوا، هەموو خۆبەزلزانینێکی شانازی بەخۆوەکردووی خۆش ناوێ، کە لەخودی خۆیداو لە لەش‌و لاری‌و لە قسەکردنیدا خۆی بەگەورە دەزانێ".

## ٢-٣/ پێگەی خاکیبوون لە قورئاندا

لەبەرئەوەی فەرموودەکانی سەروەریشمان ڕاڤەو لێکدانەوەو درێژەدانی قورئانن، لەوێشەوە چەندان فەرموودەی سەرداری مرۆڤایەتی تیشک دەخەنە سەر ئەو لایەنە، وەک ئەو فەرموودانەی خوارەوە:

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت باسی سێ ڕێگای چاکەکاری دەکات، دەفەرمووێت: "مَا نَقَصَتْ صَدَقَةٌ مِنْ مَالٍ، وَمَا زَادَ اللهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا، وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللهُ" (مسلم ١٣٣٤، ٢١/٨ (٢٥٨٨)) واتە: "هیچ ماڵێک بە سەدەقەو بەخشین کەم ناکات، لێبووردن تەنیا مەزنیو شکۆمەندی بۆ بەندەی لێبووردە زیاد دەکات، هەر کەسێکیش بۆ خوا خاکیو خۆبەکەمزانی بکات، ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە".

ئەو سێ ڕێگایەی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت لەو فەرموودەیە باسیان دەکات سوودو خێرو ئەنجامە باشەکەیان بۆ بەرژەوەندی تاکو کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، ئەوەی دەبەخشێت، خۆی پاداشتی گەورە وەردەگرێتو دەبێتە خۆشەویستی خەڵکو خەڵکیش لێیەوە سوودمەند دەبن، لێبووردنیش بە هەمان شێوە بە قازانجی هەمووان دێتەوە، بە هەمان شێوە، ئەوەی ڕێگای خاکیبوونو ملکەچی سەربەرزانە دەگرێتەبەر، بەرفەرمانی دینی خوا دەبێتو گوێڕایەڵی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، دەبێتە مایەی خێرو چاکە بۆ خەلقی خوا، بەمەش هەم ڕەزای خوای گەورە وەدەست دەهێنێت، هەمیش دەبێتە مایەی ڕێزو حورمەتو خۆشەویستی خەڵک، بەمەش دونیاو ئاخیرەتی چنگ دەکەوێت (البشري ١٤٢٠، ٦٣).

فەرموودەیەکی تر باسی ئامانجەکانی خاکیبوونو تەوازوع دەکات، کە بە زوڵمو ستەمکاری دەبەستێتەوە، وەک دەفەرمووێت: "وَإِنَّ اللهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لَا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، وَلَا يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ" (مسلم ١٣٣٤، ١٦٠/٨ (٢٨٦٥))

واتە: "خوای گەورە سرووشی بۆ کردووم، خاکیو سادە بین، بۆئەوەی کەس خۆی بەسەر کەس هەڵنەکێشێت، هەروا هەتا کەس ستەم لە کەس نەکات".

کەواتە خاکیبوون سەرچاوەی دادگەریو یەکسانیو خۆشەویستیو ڕێزو پێزانینی مرۆڤەکانە، بەپێچەوانەوە فیزلێدانو خۆبەزلزانین سەرچاوەی خۆهەڵکێشانو ستەمکارییە.

## ٣-٣/ پێگەی خاکیبوون لەلای پێشینیاندا

پێغەمبەرانی دیکەو زانایانو ساڵحانیش شتی زۆریان لەسەر خاکیبوون گوتووە، هەروەک بەشێوەی کرداری، زۆریان جێبەجێکردووە.

حەزرەتی مەسیح سڵاوی خوای لەسەر بێت دەفەرمووێت: "بەختەوەرن ئەوانەی لە دونیادا خاکین، ئەوان لە ڕۆژی قیامەتدا خاوەنی مینبەرەکانن، بەختەوەری بۆ ئەوانەی لە دونیادا ئیسلاحو چاکسازی لەنێوان خەڵکی دەکەن، ئەوانن لە ڕۆژی قیامەتدا فیردەوس بە میرات دەگرن" (الغزالي ٢٠١٠، ٥٣٠/٤).

حەزرەتی عائیشەی دایکی باوەڕداران خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمووێت: "ئاگاتان لە باشترین پەرستشو عیبادەت نییە، ئەویش خاکیبوون(تەوازوع)ە" (وکیع ١٩٨٤، ٤٦٣ (٢١٣)).

ئیمامی ئەبوبەکر دەفەرمووێت: "کەرەمو بەخشندەییمان لە تەقواوە دەستکەوت، زەنگینی لە یەقین، شەرەفو شکۆمەندی لە خاکیبوونەوە" (الغزالي ٢٠١٠، ٥٣٦/٤).

هەر لەبارەی خاکیبوونەوە زنجیرە نموونەیەک هەن، کە بەشێکیان بە کوردییەکی پاراوەوە کۆکراونەتەوە (گولەن ٢٠١٧، ١٩٠-١٩١)، کە نموونەی جوانی کردارین، چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو رەوشتە لەلای مسوڵمانانەوە پیشان دەدات، لەوانە: عوروەی کوڕی زوبەیر دەفەرمویێت: "حەزرەتی

عومەرم بینی شەڵتەیەکی لەسەر شان بوو و ئاوی دەگواستەوە"، گوتم: "چ پێویستە دەکات وا بکەیت؟ فەرمووی: "نوێنەری هەندێک لە وڵاتان هاتن بۆ لام. لەو کاتەدا هەستم بە شتێکی بچووک کرد لە ناخمدا حاشا ئەمە ئەو لێڵییە نییە، کە ئێمەومانان هەستی پێدەکەین، ویستم بیشکێنم" (القشيري ١٤٣١، ٢٧٩/١).

حەزرەتی عومەر ئاردی لە پشتی خۆی بارکردووەو، لەسەر مینبەر لۆمەی خۆی کردووە (ابن سعد ٢٠٠١، ٢٧٣/٣)، لە ئاست ئەو ئەو ژنەش کە سەرزەنشتی کردووە بێدەنگ بووە (الهيثمي ١٩٩٤، ٢٨٤/٤ (٧٥٠٣)). هەروەها حەزرەتی ئەبوهوڕەیرە کاتێک ئەمیری مەدینە بووە، بینراوە بە کۆڵ داری بۆ ئەمو ئەو بردووەو، کاتێک بەناو خەڵکیدا ڕۆیشتووە گوتوویەتی: ڕێ بۆ ئەمیر بکەنەوە (الأصبهاني ١٩٧٤، ٣٨٥/١).

## ٤-٣/ سوودەکانی خاکیبوون

بە پشتبەستن بە ناوەڕۆکی دەقەکانی قورئانو فەرمووده، ئینجا تێگەیشتنی زانایان، دەردەکەوێت، کە خاکیبوون کۆمەڵە سوودێکی هەیە، گرنگترینیان بریتین لە: "خاکیبوون ڕەوشتێکی جوانی باوەڕدارانە. بەڵگەی خۆشویستنی پەروەردگاری جیهانیانە. ڕێگای گەیشتنە بە ڕەزامەندی خوای گەورەو پاشان چوونە بەهەشتەوە. ڕێگای نزیکبوونەوەیە لە خواو پاشان لە خەڵکی. ناونیشانی بەختەوەری دونیاو ئاخیرەتە. خوای گەورە کەسانی خاکی خۆشدەوێنو چاودێریو عینایەتی خۆیان پێ لوتف دەکات. لە ڕۆژی قیامەتێ دوورن لە سزای خودا. نیشانەی ئاخیرخێریو ڕەوشتجوانییە. دەبێتە مایەی پشتەڤانیو بەرەکەتی سامانو تەمەن" (ابن حميد وآخرون ٢٠٢١، ١٢٦٨/٤).

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی (مودەریس ٢٠٢٣، ٢٤٢) دەربارەی سوودەکانی خاکیبوون قسەی جوانی هەیەو دەڵێت: "خۆبەکەمگرتن ئەوەیە کەوا

ئینسـان خـۆی بەرامـبەر بە خەڵک بە کەم نیشـانبداو فیـزو دەمـار نەکـا بەسەریاندا، ئەم سیفەتە سەفەتێکی زۆر بەرزو بە نرخە، ئەبێ بە هۆی ئەوە کەوا ئینسـان لەنـاو کـۆمەڵی ئـادەمیزاددا جـێگەی خـۆی بە پـایەو حـورمەتەوە بگـرێو، ئەبـێ بەهـۆی ئەوە، کە بەپێـی قـابیلیەتی خـۆی فائیـدەو سـوودی مـاددیو مەعـنەوی بگەیەنـێ بە خەڵـکو، هەروا سوودیش لە خەڵک وەربگرێو، بە ئاسوودەیی بژی. بەتایبەتی بۆ ئەو کەسـانەی کە ئیشوکاریـان بە دەسـتە، وەک بەڕێـوەبەرێتیو پەروەردەکردنو ڕێگاپیشاندانی خەڵک. زۆر بە سوودەو ئەبێ بە مـایەو هـۆی سـەرکەوتنو ڕزگـاریو سـەربەرزی لە جیهانـداو، لەوانەیە لە هەنـدێ کاتـدا جـێگەی مـادەو پـارە بگـرێو بەڵکـو زیـاتریش لە مـاددە کاربکا".

## ٤/ خاکیبوون لە شیعری کوردیدا

شـیعرو ئەدەبی کوردی بەتـایبەتی شـیعری شـاعیرانی کلاسیک پڕە لە خاکیبوونو سادەیی، ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوون بە دنیای عیرفـانو تەسـەوفـو ئەو دۆخەی تێیـدا ژیـاون. ئەوەی کەمێـک چـاوی لەسەر شـیعری شـاعیران بێت دەیـان نمـوونەی دێتە بەرچـاوان، کاتێک خۆیان کردۆتە خاکو خۆڵو غوڵامو تا دەگاتە خۆچواندن بە سـەگ، کە مەبەست سەگی ئەسحابولکەهفە، کە وەک نمـوونەی وەفا بـووە، کاتێک لەبەر دەرگـای هـاوەڵانی ئەشـکەوت چـۆکی داوەو هەمـان پڕوشـکی نوورانی موعجیزەی بەرکەوتووە.

هەر لەبەرئەوەی تێڕوانینی زانایان بەرامبەر ئەو سـەگە لە ئـاژەڵانی تـر جیـاوازە، دەبینـین قسـەی زۆریـان دەربـارەی کـردووە، لەوانە (ابـن کثیـر ۱۹۹۹، ١٤٤/٥) دەڵێـت: "بەرەکەتـی پیـاوانی ئەشـکەوت وەبەر سـەگەکەش کەوت، ئەویش هاوشێوەی ئەوان هەمـان خەوی بەسـەردا هـات، ئەمەش

فائیدەو سوودی هاوڕێیەتیکردنی چاکەکارانە، بەم جۆرە ئەو سەگەش باس‌و هەواڵ‌و پێگەیەکی بۆ پەیدا بوو".

هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئەم سەگە لە ڕیزی ئەو ئاژەڵانەیە، کە دەچنە بەهەشتێ، واتە کۆمەڵە ئاژەڵێک هەن، لەبەرئەوەی لە دونیادا لە دۆخی تایبەت‌و جیاواز لە ئاژەڵان ژیاون، بەمەش لە ڕۆژی قیامەتێ وەکو ڕێزەک بۆ هاوەڵانیان، ئەوانیش دەبردرێنە بەهەشتەوە، کە پێنج ئاژەڵن: سەگی ئەسحابولکەهف، بەرانی حەزرەتی ئیسماعیل‌و حوشترەکەی حەزرەتی ساڵح‌و کەرەکەی حەزرەتی عوزەیر سڵاوی خوایان لەسەر بێت، هەروا بۆڕاقەکەی پێغەمبەریش دروودی خوای لەسەر بێت (ابن نجیم ١٩٩٩م، ٣٣١).

مەبەستی ئێرە هەڵسەنگاندن نییە بۆ ئەو ڕاو بۆچوون‌و تێڕوانینانە، بەڵکو سەرنجڕاکێشانە بۆ بەتایبەت هەڵبژاردنی ئەو سەگە بۆ وێچواندن لە گۆڕەپانی وەفاو قوربانیدان.

**١-٤/ خاکیبوون لە شیعرەکانی کوردیدا**

لاپەڕەی هەر دیوانێکی شاعیران هەڵدەیەوە چەندان نموونەی تێدایە، بەتایبەتی لە بابەتی خاکیبوون بەرامبەر خوداو پایمهێنی خۆشەویست‌و مورشیدان، بۆنموونە مستەفا بەگی ساحێبقڕان (کوردی ٢٠٢٠، ٥٥) کاتێک وەک مورێدێکی شێخ عەبدولقادری گەیلانی سکاڵای خۆی بۆ خوای گەورە بەرزدەکاتەوە، پێیوایە دەردەکەی هێندە گرانە هیچ چارەی نەجاتبوونی نییە، مەگەر ئەوان لوتفێکی پێ‌کەرەم بکەن، بۆیە چاوەڕێی نەزەریانەو دەڵێت:

قادرە قادر بە چارەم ئەیپەرستم قادریم

بۆیە "کوردی" قەت لەناو ئەم داوەدا نابێ قوتار.

هەروەها لە شوێنێکی دیکە (کوردی ٢٠٢٠، ١٢٩) باسی ناڵەو دۆخی خۆی دەکات، ڕێگرتن لە ناڵینەکەی بە کوفر دەزانێت.

لە ناڵێن مەنعی "کوردی" مەحزی کوفرە
فەقیرو ناخۆش‌و مەعزوورە ئەمشەو.

## ٢-٤/ خاکیبوون لە شیعرەکانی مەحویدا

مەلا موحەمەد کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی (مەحوی) شاعیر، هەر خۆی قوتابخانەیەکی سەربەخۆی عیرفان‌و خاکیبوونە، لاپەڕەکانی پڕن لەو حاڵەتانە، بۆنموونە کاتێک (مەحوی ٢٠١٨، ٤٣) تەمەنی گەیشتۆتە پیریش پێیوایە هێشتا نەگەیشتۆتە پیرێکی دەستگیرو بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست، ئینجا داوا لە شاهی نەقشبەند دەکات فریای کەوێت، پاشتر باسی بێچارەیی خۆی دەکات لەوەی ناتوانێ بچێتە خزمەتیشی، وەک دەڵێت:

نەگەیمە ئەو جوانەو گەیمە پیری　　　مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا
لەبەر زارو مەزاریی بوومە وەک پووش　　　دە ئەمجا ڕابوێرە من بە زارا
مەگەر تۆ عەرزی حاڵم کەی لە کن یار　　　قەڵەم، ساغی قسە: من نیمە یارا

کاتێکیش (مەحوی ٢٠١٨، ٧٤) وەسفی خۆشەویست دروودی خوای لەسەر بێت دەکات، خۆی تا ئەوپەڕی زەلیلی دەبات، ڕوو دەکاتە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت، پێی دەڵێت: تۆ پیاوێکی گەورەو خاوەن بەزەییت، دەستم دامێنت، مەحوی هەر چەند ناشایانیشە بۆ ئەوە ناشێ بەزەییت پێدا بێتەوە، ڕەحمێکی هەر پێ بکە. دەڵێت:

ئەهلی ڕەحم‌و فەزڵی تۆ، (مەحوی) دەخیل
سەد کەوا نائەهلە، ڕەحمت بێ پیا.

لە جێیەکی دیکە (مەحوی ٢٠١٨، ٨٩) بەراوردی خۆی دەکات لەگەڵ ئەو پیاوە مەزنانەی خوای گەورە لە قورئانێ بە (ریجال) ناوی هێناون ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ﴾ [الأحزاب: ٢٣]. جا لێرەوە مەحوی بەوپەڕی تەوازوعەوە هیچ حسێبەک بۆئەوە ناکات، کە ئەویش وەکو ئەوان ناوی (ریجال-کەڵەپیاو)ە، بۆئەمەش نموونە بە فەجری سادق‌و فەجری کازیب دێنێتەوە، هەردووکیان پێیان دەگوترێت بەیان، بەڵام یەکێکیان ڕاستییەو دونیا ڕووناک دەبێتەوە، یەکێکیش ناڕاستەو پاش کەمێک تاریک دەبێتەوە.

بەناو ئێمەش ریجالین‌و ریجالی (هُمْ رِجَالٌ) هەم
بە فەجری ناو دەبەن سەد حەیف، ئەگەر سادیق، ئەگەر کازیب

## ٣-٤/ خاکیبوون لە شیعرەکانی وەفاییدا

میرزا عەبدوڕەحیم سابڵاغی (وەفایی ١٣٨٧، ١١٣) هەر زۆر ڕوون خاکیبوون‌و بە کەمزانینی خۆی نیشان دەدا، بەتایبەتی لەو بەیتەی وێنەیەکی جوانی هونەری دروست دەکات، وەک ئەوەی هێندە خەجاڵەتە، هاوشێوەی کەسێکی دز بە شەرمەزاری بەرانبەر پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت وەستاوە.

یا ڕەسولەڵلا دەخیلەک ڕووم نییە بێمە حوزوور
وەک دزان گەردن کەچ‌و شەرمەندە وێستاوم لە دوور
گەرچی سەرمایەم نییە خۆ مەستەحەقی ڕەحمەتە
ڕەنگی زەردو ڕوویی ڕەش، مووی سپی‌و فرمێشکی سوور

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس وێڕای ئەوەی کەسێکی زۆر زاهیدو تەرکەدونیاو خۆکەمزان بووە، هۆنراوەیەکی تایبەتیشی هەیە

بەناونیشـانی (گـوڵی خـۆبەکەمزانین)، لەوێدا مامۆسـتای (مـودەریس ٢٠٢٣، ٢٤٢) دەفەرمووێت:

ئەو ئینسانانەی خۆ بە کەم ئەگرن     لەناو دڵانا جیی خۆیان ئەگرن
ناویان نامرێ هەتاهەتایە     لە دڵا ئەژین پاش ئەوەی ئەمرن
خۆ بە کەمگرتن ئەبێ بە سووپەر     بۆ قەزای خوداو ئازاری بەشەر
بەڵام وانەبێ کە سوکت بکا     لەناو یارانا مەهتووکت بکا
ئەبێ میزانی قەدرت بزانی     ئەگەر بە تەمای خۆشی ژیانی

**٥/ خاکیبوون لە شیعرەکانی سافیدا**

**١-٥/ سافی زاتێکی ڕەسەن لە خاکیبووندا**

کـاک مسـتەفا کـوڕی عەبـدوڵای هیرانـی (سـافی) هێنـدە خـاکی بـووە، لە هەموو لایەنێکی ژیانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەش ئاساییە بۆ کەسـێک بە عیشقی عیرفانەوە بسووتێ، وەک (سافی ٢٠٠٤، ١٥) گوتەنی:

ناصیحا وەعظی صەبووری دامەدە بێ فایدەیە
من لە مەکتەبخانەیی غەم دەرسی عیشقم خوێندووە

ئەوەش لە باوبـاپیرانی لـۆی مـاوەتەوە، بەتـایبەتی شـێخ سـولەیمانی هیرانی باپیرە گەورەی سـافی، کە یەکێک بووە لە میرانـی خۆشـناوەتی بەنـاوی (میـری سـوور)، کەچـی ئەو کـاتەی دووچـاری بـازاڕی عیشـقو تەسـەوف بـووە تەریقەتـی لەسـەر دەسـتی (شـێخ تەهـای بەتلیسـی) وەرگرتووە. ئینجا هەموو خۆشی دونیاو ژیانی ناسکی میرایەتی بەلاوە ناوە بۆ ژیانێکی بریتی لە خەرقەپۆشیو خواپەرستی (هیرانی ٢٠٠٤، ١٧).

وەک لە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە هاتووە، کە دەبێ خـاکیبوون لە ناخی تاکەکانەوە هەڵقوڵێو دۆخێک لە نـاخی ئەو مـرۆڤە دروسـت بکـات

هەمـوو خەلقـی خـوای خـۆش بوویـت، ئەوە ڕێـک لە سـافیدا هەبـووە، بۆنموونە ئاشقی سرووشـتی خۆشناوەتی بووە، دەنگی کەو و دیمەنـی شاخەکان ئاگری بەرداوەتە ناخیو بە کوڵ گریاوە (هیرانی ٢٠٠٤، ٣٤).
ئەوە وەنەبـێ تەنیـا بـۆ سرووشـت بێـت، بەڵکـو بـۆ خەڵکـیش وابـووە، بۆنمـوونە دۆسـتی میـرو ئاغـاو هەژارو گەداو هەمـوو کەسـێک بـووە، جـوانی لە هەر شـوێنێک بێت دڵـی بـۆ کـردۆتەوە، ئەوەی لەو پاشـخانە عیرفـــانییەی ســـافی تێنەگـــات ســـەری ســـووڕدەمێنێت لە بەشـــێکی هەڵوێسـتەکانی، بۆنمـوونە کاتێـک سـافیو بێخـودی شـاعیر ڕێکـدەکەون ئاهەنگێکی شیعرخوێندنەوە لە کۆیە ڕێکبخەنو ئاهەنگەکەش بیست ڕۆژ دەخایەنێت، یەکێک لەوانەی ئەوان خۆیان هێناویـانەو مەقامیـان پێداناوە (سێوەی مەقامزان) بووە، کە کابرایەکی مەسیحی خەرکی کۆیە بووەو مـــاڵی لە نزیـــک کەنیســـەی کـــۆیێ بـــووە، ئەوان خۆیـــان کەســـێکیان تەکلیفکردووە هاتوچۆی پێبکات (هیرانی ٢٠٠٤، ٩١).

## ٢-٥/ خاکیبوون بەرامبەر خودا

موناجـاتو پاڕانەوەکـانی سـافی پـڕن لە خـۆبەکەمزانی، ئەویـش وەک زۆربەی شـاعیران شـانازی بەوە دەکـات، کە ئەگەر وەکـو سـەگی بەر دەرگاش هەژماری بکەن، وەک پێشتر باسکرا، ئەوە کەمکردنەوە نییە لە پێگەی مرۆڤبوون، بەڵکو ئەوە زیاتر چواندنە بە سەگی ئەسحابولکەهف کە لوتکەی وەفای نواندو گەیشتە ئەوپەڕی ڕێزو ناوی بە چاکی چووە مێژووی مرۆڤایەتیو ناو لاپەرەکانی کتێبە پیرۆزەکان.
لە هۆنراوەیەکیدا (سافی ٢٠٠٤، ١٨٢-١٨٣) دەریدەبڕێت کە ئەوەی لە گومڕابوون ڕزگارمـان دەکـات تەنیـا ڕەحمـی خـوایە، ئەمەش هەمـان مانـای ئـایەتی قورئانە ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ٥٦﴾ [القصص:

٥٦] کە ئەگەر خوای پەروەرێن هیدایەتمان پێ‌کەڕەم نەکات، ئەوە هەر بە گومڕاهی دەمێنینەوەو کەس ناتوانێ هیدایەتمان بدات، جا دەڵێت:

لە ئەم ژینە گەلێ بێزارو لەم مانە پەشیمانم
بەبێ ڕەحمت لە دونیاو ئاخیرەت لام وایە گومراهم
سەرای دڵ ئێستێ تاریکە بەبێ شەمعی جەمالی تۆ
ستارەی طالیعم نەحسە نیقابت لادە ئەی ماهم
چییە حوکمی سولەیمان حیشمەتی جەم جاهی ئەسکەندەر
بەبێ فەرمانی تۆ ئەم ڕوتبەیە بۆ چیمە ئەی شاهم

ئینجا دەست بە ملکەچبووەوەی زیاتر دەکات، قبوڵکردنیشی بە سەگ وەکو مەقامی عیززەت هەژمار دەکات، دەڵێ:

گەدایی تۆم گەلێ بۆ خۆشترە لەو مەسنەدی شاهی
ئەمەندەم کافییە قوربان کە عەبدی ژیری دەرگاهم
لە سیلەی رەحم ئەگەر قاسید بە توحفێکی سەلامت بێ
لەژێر پێی قاصیدت جانا بە سەر خاکی قەدەمگاهم
ئەگەر جارێکی تر فەرمووی سەگی دەرگای منە (صافی)
هەتا مەحشەر بەسە بۆ من مەقامی عیززەت‌و جاهم

وەنەبێ ئەم وێچواندنەوەی تەنیا لێرە بێ، بەڵکو لە چەندین شوێنی دیکە هەمان هەست‌و گوزارشتی دەردەبڕێت، بۆنموونە (سافی ٢٠٠٤، ٢٠٦) دەڵێت:

نیگار فەرمووی لە عەشقی خۆمە (صافی)م کوشتبوو ئەمما
موحەییەر مام چ سەگ مەرگێکە ئێستاکەش دەڵێن ماوە

هەروەها (سافی ٢٠٠٤، ٢٠٨) دەڵێت:

(صافی) کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بە قوربان
سەگ مەرگی نەبێ چلۆن قابیلی ژینە

### ٣-٥/ خاکیبوون بەرامبەر پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت

لە جێگـایەکی دیـکە، (سافی ٢٠٠٤، ١٦٧) ئەوپەڕی بێچـارەیی‌و کەمـی خـۆی پیشـان دەدات، هەمـوو سـزادانێکی قبـوڵە، پێیـوایە ئەگەرچـی هەمـوو ژیانیشـی عەیبە بێت ئەوە هـیچ لە جـاهی ئەو کەم ناکـاتەوە، پێدەچێت ئەوە لەگەڵ پێغەمبەری بێت دروودی خوای لەسەر بێت، چونکە جاهی بەکارهێناوە، ئەوەش بۆ خاوەن مەقامەکانە، ئەوجا خۆی وەکو غەریبی ژێر دەرگاکەی دەچوێنێ‌و دەڵێت:

سەری خاڵی لە سەوداکەت چلۆن سەودا ئەکەم جانا
سەری بازاڕی ئەغیارم نییە، موحتاجی کالاًتم
سەراپا گەر هەمووم عەیبە لە جاهی تۆ ج کەم نانێ
ئەگەر رەحمێ بکەی چونکی غەریبی ژێری دەرگاتم
گەدازادەی تووە صافی حەقی ئازادییە قوربان
خەلاًتم گەر سیاسەت بێ، بە مەمنوونی ئەوا هاتم

پێویســتە ئەوەش بگوترێـت، کاتێـک لە بـڕگەی (٥-٥) باسـی لالانەوەو خاکیبوونی سـافی بەرامـبەر شـێخی گەیلانـی دەکرێت، هەر لە ناویشـیدا چەندین لالانەوەی بەرمابەر خواو پێغەمـبەریش دروودی خـوای لەسـەر بێت تێدایە.

### ٤-٥/ خاکیبوون بەرامبەر ڕۆژگاری تەمەن

هەروا (سافی ٢٠٠٤، ١٨١) خاکیانە دەردەڵـی خـۆی بەرامـبەر ڕۆژگـاری تەمەنەکەی دەردەبڕێت، بەتایبەتی کە دەگـاتە تەمەنـی پیری، کەچـی بەو هەمـوو تەمەنە درێـژە ڕۆژێـک لە ڕۆژان بەخـتەوەری نەدیتـووە، ئیـدی هەر خەریکـی هـاوارو فیغـانەو، داوا لە دۆسـتانی دەکـات لێـی دڵڕەنجـاو نەبن.

بە ڕیشی سپییەوە یاری نەکردم بەختی ڕەش جارێ
منیش بۆییکە عادەت عاجزیو رەسمە نالێنم
لە زاری من مەکەن بێزاری (صافی) زۆر بە ئازارم
لە داغی سینەکەی سووتاوومە ئەو ئاخە هەڵدینم

**٥-٥/ خاکیبوون بەرامبەر شێخی گەیلانی**

کاتێک باس لە خاکیبوونی سافی لە هەمبەر شێخی گەیلانی دەکرێت، تەنیا ڕێگایەکە بەرەو پەیامهێنی خۆشەویست دروودی خوای لەسەر بێت، لەوێشەوە بۆ خوای گەورە، چونکە دواجار ئەوانە تەنیا هۆکاری ڕێگاکەن، ئامانجی کۆتایی خۆشەویستی هەقە، کە پەروەرێنی میهرەبانە، بۆیە کاتێک قسە لەسەر خاکیبوونی سافی بۆ شێخی گەیلانی دەکرێت، دەبێتە تێکەڵەیەک لەگەڵ خاکیبوون بۆ خواو پێغەمبەریش دروودی خوای لەسەر بێت، بۆنموونە لە شیعرێکیدا (سافی ٢٠٠٤، ١٧٤) لە ئەوپەڕی تەوازوعو خۆبەکەمزانین بەرامبەر شێخی گەیلانیو تەوەکولو پشتبەستنی بە خوای گەورە دەڵێت:

من لە دەست دەورانی (دون)و عالەمی وا بەد عەمەل
ڕوویی شەکواوو (تواضع) بۆ شەهی بەغدا دەکەم
(صافیا) هیران وەکوو نیرانە جیرانی جەحیم
سا کەوابێتن (توکل) دائیما بەخودا دەکەم

سافی بەو پێیەی موریدێکی سووتاوی شێخی گەیلانی بووە، هەمیشە خۆی بەرامبەری نزمکردۆتەوە، خۆی بە (شەیدا، ڕیسوا، مەفتوون، مەحزوون) وەسف دەکا، (سافی ٢٠٠٤، ١٨٦) دەڵێت:

لەبەر چاوی کاڵت لە عیشقی جەمالت
دەمی شەیدام دەمێ ڕیسوام عەزیزم

تۆ شاهی جیهانی تۆ ڕووحی ڕەوانی
حەیاتم تۆی نەجاتم تۆی عەزیزم
وەکوو (صافی) هیران فیدای شاهی گەیلان
منی مەفتوون منی مەحزوون عەزیزم

هەر لە خزمەتـی شـێخی گەیلانیـیەوە، (سـافی ٢٠٠٤، ١٩٥) گفتوگـۆ لەگەڵ خۆی دەکاتو ڕەخنە لە کێماسیو کەمتەرخەمییەکانی دەگرێو دەڵێ:

وەرە (صافی) بکە تەرکی هەوای دونیایی هیچو پووچ
بە ئیخلاص ڕوو لە بەغداکە مەڵێ بەختم نیگونسارە

وەک کەسێک دەردەکەوێت، کە بەردەوام لە دەرگای پێغەمبەرو پاشان شێخی گەیلانی بدات، ئەمەش ئومێدی ڕزگاربوون لە خەمی پێبەخشیوە، ئەمەش دیسانەوە ئەوپەڕی خۆبەکەمزانینە، بەو واتایەی هەرچی هەمە هیچ نییە، ئومێدی نەجاتم تەنیا یار و یاوەری پێغەمبەر و پیاوچاکانە بەتایبەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. جا (سافی ٢٠٠٤، ٢٠٣) دەڵێت:

ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکی
دەلیل مەولاوو ئەحمەد یاوەرو یار بازی گەیلانە

لە قەسیدەیەکی تریدا هەر بە تەواوی خۆی پووچ دەکاتەوە لە هەمبەر شێخی گەیلانی و (سافی ٢٠٠٤، ٢١١) دەڵێت:

یاران کوژراوی نازم صەبرم لە دڵ نەماوە
عاشق بە چاوی بزام کەی ڕووم دەکا بە لاوە
ئازاری دەردی دووری پەنهان نابێ لە سینەم
ناڵەو فوغانی من وا لە گوێی عالەم گەڕاوە
دوودی ئاهم بە دائیم دەچێتە چەرخی گەردوون
بە ناری عەشقی جانان جەرگم وەها سووتاوە
تا حەشرێ خاک وەسەر کەم تەسکینی قەلبم نایێ

با صەبا مەگەر بێنێ خاکی دەری بەغداوە
گەرچی لە نەقصی خۆمە بێ ئیلتیفاتی یارم
ئەمما لە قاپی ڕەحمەت عاصی کەی دەرکراوە
هەرچەندە عیجزو مەرارەت هەمووم دیتن لە هیجران
ئوممێد وایە لە لای یا کە بەس بێ لەمەولاوە
(صافی) لەبەر دەگانەت کەوتە سەر خاکی زیللەت
چاوەڕیی لوطفی تۆیە جانا لە ڕێی خوداوە

لێرەش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، کاتێک گەرەکییە ڕەزای خوای گەورە وەدەست بهێنێت، دەیەوێ لە دەرگای گەیلانی بدات وەکو مورشیدی خۆی، ئەوجا هەرچی دەسەڵاتو پێگەی دونیایە وەلاوەی دەنێت بەس وەکو گەدای دەرگاکەی قبوڵ بکرێت، جا (سافی ٢٠٠٤، ٢٤٦) دەڵێت:

ئەگەر سوڵتانی دونیابێ گەدای دەرگاکەی تۆیە
بەنازی خۆت نیازی پێ کەڕەم کە (صافی) هیرانی

لەسەر هەمان ڕیتمی دەرگەوانی، بەڵام وەکو کۆیلە و عەبدێک (سافی ٢٠٠٤، ٢٧٦) دەڵێت:

عەبدێکی وەفادارو جەفاکێشە لە هیجران
وا کەوتووە وەک (صافی) لە دەرگانەیی گەیلان
بەم دەردە سەرە کوشتنی لازم نییە قوربان
لەم جێژنی قوربانە کە قوربانە دڵی من

لە شوێنێکی دیکە دەگاتە ئەو ئاستەی بە سەلامێکیش مەمنوون دەبێت، لە بەرامبەر ئەو سەلامەش ئامادەیە پێڵاوە بە تۆزەکەشی ماچ بکات، وەک (سافی ٢٠٠٤، ٢٢٠) دەڵێت:

قاصیدێ گەربێ لە تۆ بێنێ سەلامو بێتە لام
ژێری کەوشی ماچ دەکەم قوربان بە تۆزو گەردەوە

بابەتی سەگچواندنە بە هەمان شێوە لە چوارینەکەی (سافی ٢٠٠٤، ٢٧٣) هەیە، کە وێڕای وەسفکردنی خۆی بە قوڕبەسەرو داواکردنی دەواو دەرمان بۆ ئەوەی نەفەوتێت، ئینجا دەیەوێت بە نامەیەکی پڕ غەمو ئازار هەواڵ بداتە شاهی گەیلانی، بەڵکو ئەویش ئاوڕێکی لێبداتەوەو لەو میحنەتە ڕزگاری بکات:

ئەی بادی صەبا قاسیدی جانانی ڕوح ئەفزا
نامەی غەمو دەردو ئەلەمم بۆ بەرە بەغدا
تا چەند لە ئەم میحنەتە دابێ سەگی دەرگا
موددێکە وەکوو (صافی) کە شێواوە دڵی من

دوانموونەی خاکیبوونو بەخۆنەنازینی (سافی ٢٠٠٤، ٢٦٠-٢٦٢) لەو موناجاتە پڕ موحاسەبەی سۆفیانەیە، پاش پێداچوونەوە بە عالەمی (قالوا بلی) ئەوجا باس لە گەورەیی ناسینی خوای گەورە دەکاتو دەڵێت:

ویش قودرەتی عوظمایە بۆ (معرفة الله)یە
ناسینی لە ئەو دایە زانینی صەفاییێکە

ئینجا بە زمانێکی سەرکۆنەکارەوە هانی دەروونی دەداتو دەیشکێنێتەوە لەوەی لەلاییێکەوە خۆی بە یار دەزانێت، کەچی لەولاوە ڕوو قایمە، بۆیە ئەگەر ڕاست دەکات پێویستە وازبێنێت لە توندڕوویی‌و دەستبکاتە دڵسۆزی‌و ئیخلاسییەتو واز لە ڕیاکاری‌و دونیاپەرستی بێنێت، بەتایبەتی دونیا جیهانی مادوونەو تێکدەچێت، شتێکیش بەو جۆرە بیت هی ئەوە نییە هێندە دەستی پێوەبگری:

ئەوجا وەرە گەر یاری وازبێنە لە عەییاری
تەرکی کە ڕیاکاری دونیا کە هەباییکە
هەر حیلەوو ئەفسوونە جێی عالەمی مادوونە
تۆ مەیگرە ئەم دوونە، تێکچوونی بە باییکە
دونیا کە وەها خۆشە جێی عالەمی بێ هۆشە
ژەهرێکە تۆ مەینۆشە دەورانی فەناییکە
من چەندە کە نادانم یا عاقڵو چازانم
غەیری ئەمە نازانم بە خودا کە خوداییکە

پاشان دەکاتە لالانەوەو پاڕانەوە لە خواو ئینجا سکاڵا دەباتە لای پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت پاشان دێتەوە لە دەرگای گەیلانی دەداتو تا دەگاتە لای شێخ سولەیمانی باپیری، بەمەش ئەوپەڕی زیللەتو خۆبەکەمزانینی پیشان دەدات.

لە بەشێکی موناجاتی پەروەرێن دەڵێت:

یا ڕەب تۆ بە زاتی خۆت بەو سرڕەی صیفاتی خۆت
لەو عەبدی (عصاة)ی خۆت ڕەحمێکو عەطاییکە

لە بەرامبەر پێغەمبەری ئازیزش دروودی خوای لەسەر بێت دەڵێت:

ئەی سەروەرو سەردارم وەی خاتەمو موختارم
هەرچەندە خەطابارم ئەمما تۆ وەفاییکە

دوای ئەوە دەچێتە خزمەت شێخی گەیلانیو دەڵێت:

ئەی شاهیدی بەغدایی تۆ مەلجەئومەئوایی
هەردەم دڵی ڕیسوایی موحتاج بە دوعاییکە
ئوستادیو پیری تۆ هەم شاهو ئەمیری تۆ
موددێکە فەقیری تۆ حاجەت بە سەخاییکە

بۆ شێخ سولەیمانی باپیریشی دەڵێت:

ئەی شاهی لە هیرانی (مأذون)ی لە گەیلانی
(حقا) کە سولەیمانی دەردم تۆ دەواییکە

ئینجا لە کۆتاییەکەی دەگاتە لوتکەی خۆبەکەمزانی، کاتێک ڕایدەگەیەنێت، کە ڕاستە ئەو لە ئەولادی عەلیو ثانییە، بەڵام ئەوە دادی نادات، دواجار چارەسەرەکەی تەنیا دەربڕینی پەرێشانییە لە بەردەم خوای گەورە. ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو دەرگەوانیو خۆ کەمکردنەوەی بۆ شێخی گەیلانی تەنیا وەکو وەسیلەیەکە، کە لە ڕێگەی پەیامو ڕێبازی ئەوەوە بگاتە عەفو و لێبوردنی خوای گەورە.
ئەی (صافی)یی هیرانی ئەولادی عەلیو ثانی
چارەت لە پەرێشانی دەرگانەیی شاییکە

ئەوەی مایەی سەرنجە، کاتێک (سافی ٢٠٠٤، ٢٨٨) بەرامبەر خوای گەورە هێندە خۆی نزم دەکاتەوە، ئەوجا دەست بە نزمبوونەوە دەکات بەرامبەر پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت وەکو ڕەسولو هەناردراوی خوای گەورە، کە لە دەرگای ئەوەوە دەگاتە مەغفیرەتو لێخۆشبوونی خودا، ئینجا دەست دەکاتە ملکەچی بۆ شێخی گەیلانی بەوپێیەی لە ڕێگەی ڕێبازی ئەوەوە بەرەو ناسینو مەحەببەتی سەروەرو سەرداری مرۆڤایەتی دەچێت دروودی خوای لەسەر بێت، ئینجا دێتە بەردەم خەڵکو مسوڵمانان وەکو کەسێکی گوناهبارو خەتابار داوایان لێدەکات دوعای بۆ بکەن، ئەوەش ئەوپەڕی تێگەیشتنە لە مانای تەزکییەو خۆ بە کەمزانین بەرامبەر خەڵکی ئاسایی، وەک دەڵێت:
لە دەردی بێ دەوا بوویمە گەریبو شوهرەیی شاران
دوعامان بۆ بکەن ئێوەو خودا زومرەی وەفاداران

لەڕاست من گوێ مەدەن بە قسەی ڕەقیبو قەولی بەدکاران
مەڵێن (صافی) کە ئێستێکە لە یادی یار نییە یاران
لە دڵدا فیکری دڵدارو لەناوی زیکرە کا ناوی

**٦/ئەنجام**

دوای وردبوونەوە لە شیعرەکانی سافی هیرانی، دەردەکەوێت، کە ناوبراو کەسێکی زۆر خاکیو خۆبەکەمزان بووە، هیچ بەخۆی نەنازیوە، پێیوانەبووە دەتوانێ بە خۆی بگاتە ئامانجەکانی، یان بە واستەی خانەوادەو بابو باپیرانی، بەڵکو خۆی وەکو کەسێکی خۆبەگوناهبارزانو تەرکەدونیاو خراپەکار پیشان دەدات، ئامانجیشی ئەوەیە هەمیشە بەرەنگاری نەفسی ببێتەوە، بۆئەوەی فیزلێدانی لەناخەوە دروست نەبێت، بەمەش خەڵک بە کەم بزانێتو ستەمو ناهەقیان بەرامبەر بکات، بەپێچەوانەوە، سافی دەزانێ هیدایەت بە دەست خوایە، تەنیا خوای گەورە دەبوورێت، ڕێگای گەیشتنیش بە ڕەزای خوا، لە ڕێبازی پێغەمبەرەوە دەستپێدەکات، بۆ گەیشتنیش بەو ڕێبازە تەریقەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی گرتووە، ئامانجی کۆتاییش گەیشتنە بە ڕەحمی خوا، کە ئەوانە تەنیا ڕێگایەکنو تەواو. بۆ ئەوەی شیاوی ئەو ڕێگایەش بێت هەموو خۆنەویستییەکی بەرامبەریان ئەنجامداوە، تا بەلایەوە ئاسایی بووە خۆی بهێنێتە ڕیزی سەگی ئەسحابولکەهف، یان خۆڵی دەرگای ماچ بکات. ئەنجامی ئەو خاکیبوونەش لە تەواوی ژیانی سافی ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ژینگەی خۆشویستوە، دڵی لەگەڵ دیمەنەکانی خۆشناوەتی هەڵفڕیوە، خەڵکی بە مەزنو گەورە زانیون، تکای لە دەروێشو سۆفیانیش کردووە دوعای نەجاتی بۆ بکەن، هەروەک خۆشەویستییەکەی سنووری مسوڵمانانی بەزاندووە بۆ شوێنکەوتووانی دینەکانی دیکەش، ئەمەش ڕێک دەرەنجامی تێگەیشتنە لە خاکیبوونی دروستو راستەقینەی ناخی تاکەکان.

## ٧/سەرچاوەکان

### قورئانی پیرۆز


١/ ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد .١٩٧٣ *.الثقات* .يدرآباد: دائرة المعارف العثمانية.

٢/ ابن حميد وآخرون، عدد من المختصين بإشراف الشيخ/ صالح بن عبد الله بن حميد . ٢٠٢١ *.نضرة النعيم في مكارم أخلاق الرسول الكريم* .جدة – السعودية: دار الوسيلة.

٣/ ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الزهري .٢٠٠١ *.الطبقات الكبرى* .القاهرة – مصر: مكتبة الخانجي.

٤/ ابن قيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب .٢٠١٩ *.الروح* .الرياض: دار عطاءات العلم.

٥/ ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر .١٩٩٩ *.تفسير القرآن العظيم* .الرياض: دار طيبة للنشر والتوزيع.

٦/ ابن نجيم، زين الدين بن إبراهيم بن محمد .١٩٩٩م *.الْأَشْبَاهُ وَالنَّظَائِرُ عَلَى مَذْهَبِ أَبِيْ حَنِيْفَةَ النُّعْمَانِ* .بيروت – لبنان: دار الكتب العلمية،.

٧/ الأصبهاني، أبو نعيم أحمد بن عبد الله .١٩٧٤ *.حلية الأولياء وطبقات الأصفياء* . القاهرة – مصر: مطبعة السعادة.

٨/ الألباني، محمد ناصر الدين .١٤٣١ *.ضعيف الجامع الصغير وزيادته* .بيروت: المكتب الإسلامي.

٩/ البشري، عايش عطية .١٤٢٠ *.خلق التواضع في التربية الإسلامية* .جامعة أم القرى، كلية التربية، مكة المكرمة.

١٠/ البوطي، محمد سعيد رمضان .٢٠١٠ *.شرح الحكم العطائية* .دمشق – سورية: دار الفكر.

١١/ الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان .١٩٨٥ *.سير أعلام النبلاء* .بيروت: مؤسسة الرسالة.

١٢/ السهروردي، شهاب الدين أبو حفص عمر .٢٠٠٦ *.عوارف المعارف* .القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية.

١٣/ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير. ٢٠٠١. *جامع البيان عن تأويل آي القرآن*. القاهرة، مصر: دار هجر.
١٤/ الغزالي، أبو حامد محمّد بن محمّد. ٢٠١٠. *إحياء علوم الدّين*. دمشق – سورية: دار المنهل – دار الفيحاء.
١٥/ القرطبي، أبو عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري. ١٩٦٤. *الجامع لأحكام القرآن*. القاهرة: دار الكتب المصريّة.
١٦/ القشيري، عبد الكريم بن هوازن بن عبد الملك. ١٤٣١. *الرسالة القشيرية*. القاهرة – مصر: دار المعارف.
١٧/ المتقي الهندي، علاء الدين علي بن حسام الدين. ١٩٨١. *كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال*. بيروت: مؤسسة الرسالة.
١٨/ المناوي، محمد عبد الرؤوف. ٢٠١٢. *فيض القدير شرح الجامع الصغير*. بيروت: دار الكتب العلميّة.
١٩/ الهيثمي، أبو الحسن نور الدين علي بن أبي بكر. ١٩٩٤. *مجمع الزوائد ومنبع الفوائد*. القاهرة – مصر: مكتبة القدسي.
٢٠/ خاڵ، شێخ محەمەدی. ٢٠٢١. *فەرهەنگی خاڵ*. سلێمانی: ناوەندی هزریو ڕۆشنبیری خاڵ.
٢١/ سافی، کاک مصطفی کاک عبد اللەی هیرانی. ٢٠٠٤. *دیوانی سافی*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٢/ ضيف، شوقي وآخرون. ٢٠١١. *المعجم الوسيط*. مصر الجديدة: مكتبة الشروق الدولية.
٢٣/ کوردی، مستەفابەگی ساحێبقڕان. ٢٠٢٠. *دیوانی کوردی*. سنە: انتشارات کوردستان.
٢٤/ گولەن، محمد فەتحوڵڵا. ٢٠١٧. *تەپۆڵکە زومرۆتییەکانی دڵ*. هەولێر: کانی عیرفان.
٢٥/ گەلاڵەیی، مەلا مەحموودی. ٢٠١٠. *قامووسی رستە*. بەیروت: دار المعرفة.
٢٦/ مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم النيسابوري. ١٣٣٤. *الجامع الصحيح*. بيروت: طوق النجاة.

٢٧/ مودەریس، مەلا عەبدولکەریمی. ٢٠٢٣. *بەهارو گوڵزار*. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
٢٨/ موکریانی، گیوی. ٢٠١٧. *فەرهەنگی کوردستان*. هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
٢٩/ مەحوی، مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی. ٢٠١٨. *دیوانی مەحوی*. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
٣٠/ مەلای گەورە، مەلا محەمەدی جەلیزادە. ٢٠٢٠. *تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی*. سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن.
٣١/ نیزامەدین، فازل. ٢٠١٥. *فەرهەنگی شیرین*. سلێمانی: کتێبخانەی زانیاری.
٣٢/ نیزامەدین، فازیل. ١٩٩٠. *ئەستێرە گەشە*. بەغدا: چاپخانەی الفنون.
٣٣/ هیرانی، محەمەدی مەلا مستەفا. ٢٠٠٤. *دیوانی صافی*. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٣٤/ هەژار. ١٣٩١. *هەمبانە بۆرینە*. تاران: چاپخانەی سرووش.
٣٥/ هەژار، عبد الرحمن شەرەفکەندی. ٢٠١٠. *قورئانی پیرۆز*.
٣٦/ وكيع، أبو سفيان وكيع بن الجراح بن مليح الرؤاسي .١٩٨٤ .*الزهد* .المدينة المنورة: مكتبة الدار.
٣٧/ وەفایی، میرزا عەبدوڕەحیم سابڵاغی. ١٣٨٧. *دیوانی وەفایی*. سنە: کتێبی کانی.

## الملخص

يعدّ (صافي) هيراني من الشّعراء البارزين في ميدان الشّعر والتّصوّف، ومن نظر إلى أشعاره يجد فيها الأخلاق الإسلاميّة، ومنها التّواضع، فكان رجلا متواضعًا مع معبوده سبحانه وتعالى، وكذلك مع رسوله الأكرم صلّى الله عليه وسلّم، ثمّ مع مرشده الشّيخ عبد القادر الجيلاني، ومع عامّة النّاس، وكانت غايته في ذلك الوصول إلى استحقاق رحمة الله تعالى، وتبدأ رحلة الوصول بتبعيّة طريق النّبيّ محمّد صلّى الله عليه وسلّم، وللتعشّق في هذه الطريق سلك (صافي) الطريقة القادرية، وكان طارقًا باب الشّيخ الجيلاني رحمه الله. لكنّ المراد هو الوصول إلى الله تعالى، وما غيره إلاّ وسائل تأخذه نحوه تعالى. ونتيجة لهذا التّواضع الشّامل أحبّ (صافي) الجميع عالم

الإنـس والطّبيعـة، فـتح صـدره للجميـع مسـلمين وغيـرهم، لأنّ مـن اتّسـم بالتّواضـع يخفض جناحيه للجميع، ويقدّرهم، ويضعهم علـى عينيـه، فـلا يعجب بنفسـه ولا يتكبّر على غيره، ولا يظلمه، ولا يغتصب أمواله.
تكوّن البحث من أربعة أجزاء: القسم الأوّل فـي تعريف التّواضـع لغة واصـطلاحا. والقسم الثّاني في منزلة التّواضع في الإسلام. والقسم الثّالث حول انعكاس التّواضـع في الأشعار الكورديّة. والقسم الرّابع في انعكاس التّواضع في شعر صافي هيراني.

## Abstract

(SAFI) Hirani is considered one of the prominent poets in the field of poetry and Sufism، and whoever looks at his poems seeks in them Islamic morals، including humility. He was a humble man with his GOD (ALLAH)، Glory be to Him، and also with His most honorable Messenger (MUHAMMAD)، may GOD bless him and grant him peace، and then with his guide، Sheikh Abdul Qadir Al-Jilani. And with the common people، and his goal in that was to reach the deserving of the mercy of GOD Almighty، and the journey of arrival begins by following the path of the Prophet Muhammad، may GOD bless him and grant him peace، and to become passionate about this path، SAFI followed the QADIRIYYA path (TAREEQAT)، and he was knocking on the door of Sheikh Al-Jilani، may GOD have mercy on him. But what is meant is to reach GOD Almighty، and other than that are merely means that take him towards Him Almighty. As a result of this comprehensive humility، SAFI loved everyone، the humans and nature. He opened his heart to everyone، Muslims and others، because he who is characterized by humility lowers his wings to everyone، appreciates them، and places them before his eyes. He does not admire himself، is not arrogant towards others، does not oppress them، and does not usurp his wealth.
The research consisted of four parts: The first part was about defining humility linguistically and terminologically. The second section concerns the status of humility in Islam. The third section is about the reflection of humility in Kurdish poetry. The fourth section reflects humility in Safi Hirani's poetry.